# مۆمی ژیانی هونەرمەندی گەورەی کورد مەرزییەی فەریقی کوژایەوە
# ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوک لەهۆلەند

کەی پەپولەیەکی قەشەنگ وبالْنەخشینتان لەمێرگ ونەوالْ ونزار وباخ و گولْزارەکانی
کوردستاندا بینی،بزانن ئەوە مەرزیەیە بووە بەو پەپولەیە٠
بووەبەپێشەنگی شەش پەپولەکەی گۆشەی باخەکەم،فڕینیان لەسەر نۆتەوریتمی مۆسیقایە،ئەگەر
بەلاماندا گوزەریان کردبالێیان ڕابمێنین..........
بەلێ خەمی ئەوشەش پەپولەیەگەلێک دژواربوو،کەکاتێک دەیچری،
خەمی ئێوەیەخەووخۆراکم
شەوی تاریکەڕۆژی ڕووناکم
هەرئەوخەمەلەهەرسێ نشتەرگەرێکەی نەخۆشخانەی هوددینگەی ستۆکهۆڵمی سوید،کەبۆمێشک و
سەری کرا،بەهێزتربوو.سەرومێشکی توانای هەلْگرتنی ئەم خەمە گەورەیەیان نەمابوو،سەربای...
خەرمانێک لەخەمی مەنفاوغوربەت.بۆیەئەویش ڕۆحەپاکەکەی بەوخەرمانەخەمەتەسلیم کردوبوبەپەپولەیەک
وەکو ئەوان.............
بۆیە لاووک وحەیران و بەستەومەقام و سروودوهۆرەو سیاچەمانە ،سیاپۆشن بۆمەرزیە **شینوشەپۆر**
**دەگێرن.**

ئێمەیش،بەهۆی کۆچی ناوەختی خانمەهونەرمەندی لە دلاْشیرین مەرزیەخانەوە،لەقوولاْیی دلْەوە
بەسۆز،بەخەموپەژارەیەکی بێئەندازەوە،بەدەم هەنسکی گریانەوە،پرسەوسەرەخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین بە
٠٠هەموو گەلی کوردلەهەرچوارپارچەکەی کوردستان دا...هەروەها ئەوکوردانەیش کەلەتاراوگەدا ....
قولْپی گریانوفرمێسکی غوربەتی بۆدەڕێژن.

٠٠٠٠پرسەوسەرەخۆشی لەکاک ناسرڕەزازی وجگەرگۆشەکانی ماردین و دلْنیاو کاردۆ...هەردوو
بنەمالْەی ڕەزازی وفەریقی دەکەین.

٠٠٠٠سەرەخۆشی لەشەیدایانی دەنگوئاوازی مەرزیەو،هونەرمەندانی هەرچوارپارچەکەی کوردستان و
ئەوشاعیروئاوازدانەرانەدەکەین کەشیعروئاوازیان بۆگۆرانیەکانی دانابوو..

٠٠٠٠پرسەوسەرەخۆشی لەپێشمەرگەکانی ڕێگەی خەبات دەکەین،کە سروودی نیشتمانی بۆدەوتن و...
مەتارەکانی قەدیانی لەباتی ئاو،لێواولێو پڕلەمیهروخۆشەویستی نیشتمان دەکرد..

٠٠٠٠سەرەخۆشی لەمندالاْنی هەلْەبجەو گەرمیان و ئەنفال و کۆمەک و واتا کۆمەلْەی
مندالْدۆستانی کوردستان و.............دەکەین،کەبەئاهەنگگێران خەرمانەی پیتاک ویارمەتی
بۆدابین دەکردن.

٠٠٠٠سەرەخۆشی لەهەمووئافرەتانی بەشخوراوو،ژنانی لێوبەباری کوردستان دەکەین،کەداکۆکی
لێدەکردن و....هەولْی شکاندنی هەمو کۆتوپێوەندێکی ڕێگای خانمانی کوردستانی دەدا،
ڕێنمایی دەکردن،تا دژ بە باوکسالاری و کۆیلایەتی ژن بۆمێردەکەی بوەستن.هانی دەدان
کەدیواری بەرلین ئاسای نێوانی ژن وپیاو هەرەسپێبێنن و تەفروتووناى بکەن،دژبەهەموو

بیروبۆچونێکی کۆنەپەرستانەی گەندەڵ بوەستن.

مەرزییەی فەریقی نەک هەر لەبواری هونەرەکەیدا،بگرە لەهەمووبوارەکاندا،ڕەچەشکێن وداهێنەر بووە.مەودای بیری بەرەو نوێخوازی باسکەمەلەی کردووە.

ئاستی گۆرانی ومۆسیقای کوردی بەرز کەلێک بەرز،هێندەی بالآی خۆی بەرز،هێندەی چیای......... هەڵگورد بەرز ڕاگرتبوو ،لەدڵەوە بەسۆزێکی عاشقانە گۆرانیەکانی دەچڕی وبەناخی ووشەکاندا ڕۆدەچوو،بۆیەبە ئاستەم پەردەی گوێمانی دەلەراندەوەو کاری لەتوێی دڵمان دەکرد.گۆرانی بۆ جوانی وخۆشەویستی وگوڵ وبەفروچیا دەچڕی وبەناوەندە هونەریەکانی جیهانی ئاشنا دەکرد.

لەدواجاردا دەڵێم ،تاجێکی گوڵینە،لە نۆتەی مۆسیقاوسەرجەم گۆرانییە کوردیەکان دروستدەکەم و،لەسەرگۆرەکەت دایدەنێم،ئەی شەکرەژن ،شەکرەهونەرمەند.

تۆیش پرۆلەم غوربەتە وەیشومەدا بەتەنها جێمان بهێڵە ،خوات لەگەڵ.

ڕاگەیاندنی ناوەندی گەشەپێدانی کەرکوک هۆلەند